بۆ/ بەرێز دەزگاکانی راگەیاندن

رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی

فیدراسیونی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی

پاش سڵاو

پاش ئەوەی ئێمە ئەندامانی ناوەندی چاك لە سلێمانی بەهۆی کۆمەڵێك رەخنەی خۆمانەوە لە سیستمی کارکردنی ناوەندی چاك دەست لەکارکێشانەوەمان راگەیاند، زۆربەی زۆری ئەندامانی دەستەی بەرێوەبەر بەدەست لەکارکێشانەوەکەمان رازی نەبوون، چ بەنامەو چ بەتەلەفۆن، ناخۆشحاڵی خۆیان دەربڕیو بە پەرۆشەوە داوایانکرد، بەلای کەمەوە بۆماوەیەك بریارەکەمان دوابخەینو دەست لەکارکێشانەوەکەمان هەڵپەسێرین، هاوکات هەڵوەستەیان لەم دەستکێشانەوەیەی ئێمەکردو پرۆژەی چاکسازییان هێنایە پێشەوەو ئێمەش لەو ساتەوەختەوە، بریارەکەی خۆمان هەڵپەساردبوو، چاوەروانبووین.

ئیستاش بەهەموو ئەندامانی دەستەی بەرێوەبەرو سەرجەم ئەندامانو دۆستانی ناوەندی چاكو هەموولایەکی رادەگەیەنین، کە ناتوانین رێز لەپەرۆشیو داواکاری ئەندامانی دەستەی بەرێوەبەر نەگرین، کە لە کۆبوونەوەی رۆژی 2007/7/21 بە دەنگی زۆرینەی رەها داوایەکیان ئاراستەی ئێمە کردووە، کە لەمت بوونو هەڵپەساردنەوە بگەرێینەوە سەردۆخی ئاساییو بێینەوە ناو چالاکیەکانمان، بێگومان ئێمەش پێشوازی لە داواکەیان دەکەینو بەهەمان پەرۆشییەوە چالاکیەکانمان رادەپەرێنینو لەپرۆژەی چاکسازیشدا رۆڵی خۆمان دەگێرین.

لەگەڵ رێزدا

ناوەکان

عومەرمحەمەد

بژار تەها خەلیل

ئەلەند مەحوی

ئەرسەلان عابد

پشتیوان سەعدالله